# ئیمامی حەنەفی

خوێنەری خۆسەویست،چرای مەجلیسی ئەمڕۆمان ،یەکەم دووڕناسی دەریایی مەعانی،زانا بە مەعناو
لەفزی قورئانی،زانیاری دەریا،ئەو مەلەوانی،فەرموودەکانی لەعلی یەمانی،هاتە شاری شەرع،بوو بە
سوڵتانی،ڕابەرو واریسی دیینی پێغەمبەری،ڕووناك کەرەوەی دیین و دنیایی بە شەری،بە ڕوو پشت
ئەتڵەس،لە ئاییندا ((ئیمامی ئەعزەم بوو))،جا ئەو زاتە بەرز و پیرۆزە،((ئیمامی حەنەفی))یە،با
باسی ژیان و بەسەرهات و هەندێك لە فەرمایشتە بە نرخەکانی پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرین ،
((ئیمامی حەنەفی))کە مەشهورە بە((ئیمامی ئەعزەم)) ناوی نوعمانی کوڕی سابیتەو لە
ئەسڵدا،خەڵکی شاری کوفەو دەڵێن:لە شاری ئەنبار لە دایك بووە،لە ساڵی هەشتای کۆچیدا،چاوی بە
زۆر لەئە صحابی پێغەمبەر و زاناو موسایخ کەووتووە،وەك ئەنەسی کوڕی مالیك،جابری کوڕی
عبداللە،عبداللەی کوڕی ئەبی ئەوفا،و عبداللەی زەعبەری،و مەعقەلی کوڕی بەسیار و زۆری
تریش،هەروەها زۆە بە خزمەت ئیمام جەعفەری صادق گەشتووە و ئوستادی کوڕی فوزەیلی کوڕی عیاز
و ئیبراهیمی ئەدهەم و بشیری حافی و داوودی تائی و ئەبوو یوسف و ئیمام محمد کەوتووە،خاوەنی
کتێبی((کسف المحجوب))لە تەعریفی((ئیمام حەنەفی))دا نوسیوەتی:دەڵێ))ئیمامی حەنەفی))ئیمامی
ئیمامان وموقتەدای((سووننیان))و شەرەفی فوقەها و عیززی عولەما بووە،((ئیمامی
حەنەفی))دەفەرمووێ:دوای ئەوەی ماوەیەك خوێندم،لام وابوو هەموو شتێك دەزانم،تا سەفەرێك
چوومە بەسرە،زۆر پرسیاریان لێ کردم،نەمزانی وەڵامیان بدەمەوە،فەرمووی:بیست و پێنج ساڵی تر لە
خزمەت حومادی کوڕی زەبیددا ،مامەوەکاتێ بە تەواوی خوێندنی تەواوکرد ،هاتۆتە بەغدا و دەستی
کردووە با کارو کاسپی،تا شەوێك لە خەویدا دەچێت قەبری پێغەمبەر هەڵ ئەداتەوە و جەنازەی
موبارەکی دێنێتە دەرەوە،لە ترسان لە خەوەکەی ڕادەپەڕێ و خوی لێ ناکەوێتەوە،بەیانی دەڕواو
دەچێ،ئیبنوو سیرین،دەدۆزێتەوە،خەوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە،دەفەرمووێ:بچۆ تەدریس بکە،خەوەکەت
مەعنای وایە شەرع و حەدیسی پێغەمبەر زیند و دەکیتەوە،ئینجا دەستی کرد بە تەدریس وئاخری بوو
بە یەکێك لە سەر مەزهەب موجتەیدە گەورە کان و تەرەقەی بە دیینی ئیسلام دا،دەگێڕنەوە
دەڵێن:ساڵێك دەچێتە مەدینە و دەچێتە خزمەتی مەرقەدی فەخری عالەم و سەلام دەکاو
دەڵێ:[السلام علیک یا سید المرسلین] بە عالەمی ی ئاشکرا،گوێی لێ دەبێ کە پێغەمبەر (درودی
خوای لە سەر بێ))وەڵامی ئەداتەوەو دەفەرمووێ:[و علیک السلام یا امام المسلمین]،زیرەکی و زانایی
بە دەرەجەیەکی وا بووە،جارێك ئافرەتێك بۆ مزگەت دەچێ بۆ پرسیارێکی شەرعی ،لەو
کاتەدا((ئیمامی حەنەفی))چەند کەسی لە خزمەتتدا ئەبن،ئافرەتەکە،سێوێك دەدا بە ((ئیمامی
حەنەفی))لاێیک سور دەبێ و لایکی زەرد،((ئیمامی حەنەفی))بێ دەنگ سێوەکە لە ناوەڕاست لەت
دەکاو،دەی داتەوە بە ئافرەتەکە،ئافرەتەکەش بێ دەنگ خواحافیزی دەکاو دەڕوا،خەڵکەکە زۆریان لا
سەیر دەبێ،حەزی دەکەن قوربان ئەوە چی بوو؟دەفەرمووێ:ئەو ئافرەتە کەوتۆتە حەیزەوە،جاری وایە
خوێنەکەی سورەو جار واش هەیە خوێطنەکەی زەردە،هات پرسیاری کرد داخۆ کامەیان خهوێنی
حەیزە،؟منیش سێوەکەم بۆ لەت کرد و دامەوە،مەعنای وایە تا وەکو ناوەڕاستی ئەو سێوە، پاکو سپی
نەبێتەوە هەر لە حەیزدایە،ئافرەتەکە حاڵی بوو ڕۆیشتەوە،هەروەها ڕۆژێکی تر لە مزگەوت
دەبێ،سکۆمەڵێک لەوانەی پێیان دەوتن خەواریج،دەست بە شمشێرەوە دەچنە سەری دەڵێن:ئەی
((ئەبوو حەنیفە))،دوو پرسیارت لێ دەکەین،ئەگەر زاینتن،ئەوە ڕزگارت دەبێ،دەنا
دەتکوژین،فەرمووی:بڵێن:بزانم دەڵێن:چی؟دوو جەنازەیان هێناوە بۆ هەیوانی مزگەوت،یەکێکیان پیاوە
لە کاتی مەستیدا مردووە،ئەوی تریشیان ئافرەتێکە زینای کردووە و حامیلەیە،ئەو ژن و ۆیاوە بە
کافری مردوون یان بە مسوڵمانی ؟

(ئەو کۆمەڵەش لایان وابوو ،ئینسان بە گوناحێك کافر دەبێ،جا بزانە ((ئیمامی حەنەفی))چۆنی خۆ ڕزگار کرد؟)فەرمووی:ئەو ژن و پیاوە جوولەکە بوون؟ گووتیان:نەخێر،فەرمووی:گاوور بوون؟گووتیان:نەخێر ،فەرمووی:ئاگر پەرەست بوون؟گوتیان:نەخێە،فەرمووی:ئەی بت پەرەست بوون؟گووتیان:نەخێر،فەرمووی:دەی باشە لە چ تاقمێك بوون؟گووتیان مسوڵمان بووە،فەرمووی:جا ،ئەوا وەڵامی خۆتان دایەوە،گووتیان:چۆن؟فەرمووی:ئێوە ناڵێنمسوڵمان بوون؟گووتیان :باشە،بەهەشتین یان جەهەندەمین،؟فەرمووی:حەزرەتی ئیبراهیم دەرحەق بە ئەوانە چی فەرمووە:منیش وا ئەڵێم،گووتیان چی فەرمووە؟گووتی:ئەوە نیە خوای گەورە لە سورەی ئیبراهیمدا دەفەرمووێ:[فمن تبعنی فآنە منی و من عصانی فآنک غفور رحیم]ئەوەی وە دوای من کەوت،ئەوە وەك من وایە لە منە،بەڵام ئەوەی بێ ئەمری منی کرد،ئەوە کەیفی خۆتە،خۆت غەفووروڕەحیمی،دەفەرمووێ:ئەوانەی چوو بوون تاقی بکەنەوە بیکوژن،کە زانیان ئەوا ئاقڵ و زاناو زیرەکە، دەستیان ماچ کردو تۆبەیان لە سەر دەستی کرد،

((ئیمامی حەنەفی))زۆر حەق گۆ بووە،شەرمی لە کەس نەکردووە،دەڵێن: خەلیفەی بەغدا،ئەبوو جەعفەری مەنسور بڕیار دەدا،کە هەر زانایەك پارچە ئەرزێکی لە سەر تاپۆ بکەن،تا بیکا بە خانوو،فتوا نامەیەك دەنووسێ و دەی نێرێ بۆلای زانا بەرزەکان ئیمزای بکە ن و فتوای لە سەر بدەن،لە پێشدا بردیان بۆلای قازی بەغدا،کە تەماشای کرد ئیمزای خەلیفەی پێوە بوو،ئیمزای کرد،ئینجا بردیان بۆلای((ئیمامی حەنەفی))فەرمووی:تا خەلیفە نەبینم،من ئیمزای ناکەم،پیاوی خەلیفە تووڕە بوو،گووتی:قازی بەغدا ئیمزای دەکا،تۆ ئیمزای ناکەی!چووە خەبەری داوە بە خەیلفە،خەلیفە تووڕە بوو گووتی:بچن قزیم بۆ بانگ بکەن ،قازیان هێنا بۆلای خەلیفە ،خەلیفە ووتی:جەنابی قازی،لە شاهیدیدا ،چاو پێ کەوتن شەرتە؟ووتی:بەڵێ:خەلیفە لە قازی تووڕە بوو گووتی:ئەی باشە ئەگەر چاو پێکەوتن شەرتە،بۆچی لە پێس ئەوەدا چاوت بە من بکەوێ ئیمزات کرد؟قازی گووتی:ئاخر زانیم کە ئەمری تۆیە،بەڵام نەمتوانی داوای جەنابت بکەم،خەلیفە گووتی:کە واتە ((ئەبوو حەنیفە))ڕاست دەکاو بەڵام،قازی لە بەر ئەوەی شەرمی حزووری کردووە،ئەوا لە قازیەتیم خست،خەلیفە گووتی((ئیمامی حەنەفی))و سەفیانی سەوری و شوریح موسەری کوڕی حەررامم،بۆ بانگ بکەن،چوون کۆیان کردنەوە و هێنایانن بۆلای خەلیفە،لە ڕێگەدا،((ئەبوو حەنیفە))فەرمووی:کوڕینە،من دەزانم بۆچیان بانگ کردین و چیمان بەسەر دێ،؟گووتیان :چۆن،؟فەرمووی:خەلیفە داوامان لێ دەکا ببین بە قازی،من بە فێڵێك خۆم ڕزگار دەکەم،سەفیانی سەوری،ڕادەکاو خۆی دەشارێتەوە،مەسعەر لە ترسان خۆی شێت دەکا،بەڵام شوریح دەبێتە قازی،.قسەکەی((ئیمامی حەنەفی))یان ،زۆر لا سەیر بوو،زۆر نەڕۆیشتن سەفیانی سەوری ڕای کرد و خۆی شاردەوە،ئەوانی تر چوونە لای خەلیفە،خەلیفە ڕووی کردە ((ئیمامی حەنەفی))و گووتی:دەبێ ببیە قازی؟لە وەڵامدا فەرمووی:ئەی جەنابی خەلیفە،خۆت دەزانی من لە ئەسڵدا،عەرەب نیم و گەورە پیاوانی عەرەب بە فتواو حوکمی من ڕازی نابن،خەلیفە گووتی:قەزاوەت پایاوی زانای دەوێ،عەرەب بێ،یان عەرەب نەبێ،فەرقی نیە،((ئیمامی حەنەفی ))دەفەرمووێ:قوربان ئاخر من لایەقی قەزاوەت نیم،جا ئەگەر لەوەدا ڕاست دەکەم ئەوە دیارە بۆ قازی نابم،ئەگەر درۆش بکەم،جەنابت نابێ ڕازی بی،درۆزنێک بێتە قازی،((ئەبوو حەنیفە))ڕزگاری بوو،لەوکاتەدا،مەسعەر هەستا،چووە بەردەم خەلیفە و دەستی گرت و ڕای وەشاند و گووتی:ئەرێ خەلیفە،چۆنی چاکی منداڵەکانت چۆنن،خەلیفە بە سەرسامیەوە تەماشای مەسعەری کردو وای زانی شێتە گووتی:وەرن ئەم شێتەم لە کۆڵ بکەنەوە،ئەویش ڕزگاری بوو،لە پاشان شوریحیان کردە قازی و قازی شوریحی مەشهور ،ئە قازی یە یە،با بۆ ئەدەب و ئحترام و لە خوا ترسی،چاو لە((ئیمامی حەنەفی))بکەین،شێخ داوودی تائی دەفەرمووێ:بیدت ساڵ لە خزمەت((ئیمامی حەنەفیدا بووم))قەت نەمدی ،جارێك سەر ڕووت بکاو قەت نەمدی پێ ڕاکێشێ،دەفەرمووێ:ڕۆژێك عەرزم کرد قوربان چی دەبێ ئەگەر بۆ حەسانەوە تۆزێك پێ

ڕاکێشی؟فەرمووی:ئەی داوودی تائی ئینسان دەبێ لە خەڵوەتیشدا، شەرم لە خوا باکو بە ئەدەب بێ،ڕۆژێك چەند کەسێکی لەە خزمەت دەبن،بە ڕێگایەکدا دەڕوا،تەماشا دەکا،منداڵێك لە قوڕ چەقیوە و قوڕاوی بووە،دەفەرمووێ:ڕۆڵە ئاگات لە خۆت بێ نەکەوی،منداڵەکە سەر بەرز دەکاتەوە و دەزانێ ئەوە ((ئیمامی حەنەفی))یەدەڵێ:ئەی ئیمامی مسوڵمانان،کەوتنی من شتێکی ئاسانە ،ئەگەر بشکەوم گورجێک است دەبمەوە،بەڵام تۆ ووشیار بە نەکەوی و لە حەق لا نەدەی،چوونکە ئەگەر تۆ لابدەیت و هەڵخلیسکێ ی ،تەواوی ئەو مسوڵمانانەی وەدوای تۆ کەوتوون،دەکەون و ڕاست کردنەوەیان زەحمەتە،((ئیمامی حەنەفی))قسەی منداڵەکەی زۆر لا بەنرخ بوو دەستی کرد بە گریان و ؟ڕووی کردە خەڵکەکەو گووتی:دەخیلە ئەگەر بەڵگەو دەلیلێکتان دەست کەوت،دەلالەتی دەکرد لە سەر فتوای من ،بە قسەی من مەکەن،((ئیمامی حەنەفی))عەقڵ و فەراسەت و زەکاوەتێکی زیر غەریبی
هەبووە،زۆربەی خەڵکی بە عەقڵ و قیاس بێ دەنگ کردووە و وەڵامی داونەتەوە،دەڵێن:کابرایەکی دەوڵەمەند،زۆری حەزرەتی عوسمان نا خۆشویستووە و جنێوی پێ داوە و بە جوولەکە ناوی
بردووە،((ئیمامی حەنەفی))خەبەر دەزانێ و دەنێرێ بە دوایدا،کابرا دێتە خزمەتی و دوای بە خێر هاتنی،ددفەرمووێ:خەبەرم زانیوە کچێکی باشت هەیە،داوات لێ دەکەم بیدە بە فلان
جوولەکە،!گووتی: کابرا زۆری لا سەیر دەبێ،دەڵێ:جا قوربان جەنابت ئێستا ،ئیمامی مسوڵمانانی ،فتوا سەسەی،کە کچی مسوڵمانێك،بدرێ بە پیاوێکی جوولەکە،!ووتی:قوربان ،ئەگەر جەنابیشت فتوا بدەی،من هەر نایدەمێ،((ئیمامی حەنەفی))فەرمووی:ئەی باشە،تۆ کە بەناو یەکێکی لە ئۆمەتی پێغەمبەر،ڕازی نابی کچی خۆت بدەی بە جوولەکەیەك،کە واتە چۆن بە ڕەوای دەزانی کە پێغەمبەر،دوو کچی خۆی بدا، بە یەك جوولەکە،کابرا کە ئەوەی لە ((ئیمامی حەنەفی))بیست،زانی کە مەبەستی چیە،هەستا دەستی ماچ کرد و غەڵەتی خۆی پەشیمان بووەوەو تۆبە ی کرد بڕیاری دا جارێکی تر باخراپە باسی حەزرەتی عوسمان نەکا،لە قسەو فتوادا،زۆر وورد بین بووە،ڕۆژێك بە ڕێگایەکدا دەڕوا،چەند دڵۆپە قوڕاوێکی بە کەواکەیدا هەڵدەپڕژێ،فەوری دەچێ دەی شواتەوە،عرزی دەکەن،دەڵێن:قوربان جەنابت فتوات داوە کە هەندێك پیسی کەم،لە بەرگ و لیباس بکەوێ،عەفووی لێیە،کەچی بۆ خۆت،ئەو نەختە قوڕەت شۆردەوە،ئەوە مەعنای چیە،؟فەرمووی:ئاخر ئێوە نازانن کە فتواو تەقوا لە یەك جیایە،ئەوەی ئێوە دەیڵێن:ئەوە فتوا بووە،بەڵام ئەم شتنەوەی من
تەقوایە،فەرمووی:کە پێغەمبەر ڕێگای بیلالی حەبەشی نەدا،کە زەخیرەی زستان داکا،بەڵام بۆ حەرەماکانی خۆی قووتی ماوەیەکی دانا،سەخاوەت و کەرامەت و پیاوەتی((ئیمامی حەنەفی))لە حیساب نایە،لەگەڵ ئەو هەموو تەدریس و فتوایەشدا،بازرگانی دەکرد و قازانجەکەسی دەبەخشییەوە،بە تایبەتی،عەباو کەوا سەڵتەی ،زۆربەی مەلاو فەقێیتان لە سەر ئەو بووە،دەشی فەرموو:ماڵی خوایە هیچ منەتی تێدا نیە،
هەروەها دەڵێن:عادەتی وابووە،هەر کەسێک لای دابنیشتایە،پرسیاری لێ دەکرد داخۆ ژیانی چۆنە؟ئەگەر دەست کورت بوایە،دەستی دەگرتەوە،ڕۆژێك پیاوێکی لیباس چڵکن دەچێتە خزمەتی،بەینێك دادەنیشێ و کە خەڵك هەڵدەستێ،ئەویش خەریك دەبێ بڕوا،((ئیمامی حەنەفی))دەفەرمووێ:جارێ دانیشە،کابرا دادەنیشێ تا چۆڵ دەبێ،لە پاشان ئیمام دەفەرمووێ:ئەو لێوە بەڕە هەڵدەرەوە هەزار درهەمی تێدایە،بۆ خۆت خەرجی بکە،کابرا دەڵێ:قوربان فەقیر نیم،ئەویش دفەرمووێ:دەی باشە دەی تۆ ئەو حەدیثەی پێغەمبەرت نەبیستووە،کە
فەرموویەتی:خواوەندی گەورە زۆری پێ ناخۆشە،ئەسەری نازو نیعمەتی خۆیبە عەبدانەوە ببینێ؟کە چویتەوە خۆت بگۆڕە و لیباسی تازە لە بەر کە،مەناقیب و فەزائیل و زوهد و تاعەت و ئینساف گەورەیی((ئیمامی حەنەفی))ئەوەندە زۆرن،بەڕاستی بە تەواوی،لە ئامۆژگاریەکدا جێیان نابێتەوە،لە خوا نەبێ لە کەس نەترساوە،چەند جار لەلایەن خەلیفەکانی بەغداوە گیراوە،تا جاری ئاخری کە ئەبو جەعفەری مەنسوور،دووبارە ناردی بە دوایدا کە ببێ بە قازی،فەرمووی:بە خەلفە بڵێن:قەزاوەت

ناکەم،چوون بە خەلیفەیان گووت:شتێکی وا دەڵێ:خەلیفە تووڕە بوو،سوێندی خوارد گووتی:دەبێ هەر بیکا،چوون گووتیان خەلیفە سوێندی خواردووە هەر ئەبێ بیکەی،ئەویش سوێندی خوارد گووتی:نایکەم،گووتیان:ئاخر خەلیفە سوێندی خواردوە،فەرمووی :ئەو کەفەرەتی سوێندی باشتر پێ ئەدرێ،جا لەوەدا،خەلیفەی ئەمری کرد گرتیان و حەپسیان کرد و لە بەندیخانەدا وەفاتی فەرمووو،لە ساڵی سەت و پەنجای کۆچیداو ئێستا مەرقەدی موبارەکی لە باەرگای مزگەوتی((ئیمامی ئەعزەم))دا زیارەت گای مسوڵمانانە،ئەوە بوو بە کوورتی باسی ژیان و بەسرهات وفەرمایشتەکانی ،ئومێد دەکەم ،بیان کەنە،سەر مەشق و سوودیان لێ وەرگرن

www.vazhin.kurdblogger.com